# نامەیەك بۆ جەنابی عالی مەقام ..مەسعود بارزانی

**لە مەلا فەریقەوە..**

**اول شت عەرزی احترامەمان هەیە بۆ زەعامەت و فەخر و شەهامەتی مەعالیتان.**

**جەنابی عالی مەقام.. فەترەیەکە بەعزێك لە ئەعزاکانی حیزبمان فەخر و منەتێکی بەلاش و نالایەق بەسەر اهالی کەرکوك دا ئەکەن، کە ئەگەر پارتیمان نەبێ ئەوە کەرکوك زایع دەبێت و زۆر ایدیعای تریش بەسەر اعزائەکان و اقرەباکانمان ئەفرۆشن... ئەم حاڵەتەم بەلاوە تەبیعی بوو تا ئەو وەختەی کە نەزەرم کرد لە تەلەفزیۆنەوە جەنابی مەعالیتان قسەیەکی عەجایەبتان کرد کە گوایا باوکی رەحمەتیتان و سەورەی ئەیلولیش بوون بە زەحیە بۆ کەرکوك و.. .. ادیعای ئەوەتان کرد کە هەر فەردێك بڵێ کەرکوك کوردسانی نییە قاچی دەبڕینەوە.**

**جەنابی عالی مەقام رەیس بارزانی...**

**اهلی کەرکوك لایان مەعلومە کە جەنابی مەعالیتان لە اجتماعاتەکانی مەجلیسی اعیان دا مسلی(سەنەم) بویت و ورتەتان لێوە نەهات و ئەو تەهەوراتانەی کە حالیەن لە وەقتێکی زایعدا ئەیکەیت لە اسنای اجتماعەکاندا بۆ کەلیمە بە لەفزتاندا نەهات و تەدەخولت لە موناقەشەیەکیش دا نەکرد کە مەجلیسی اعیان لەسەر کەرکوك تەرحیان کردبوو..**

**فەقەت حالیەن کەوتویتەتە موهاتەراتێکی غەریب بەسەر اهالی کەرکوکەوە... زەنت وایە مواتنینی کەرکوك ئەوەندە موتەخەلیفن سیقەیان بەم نەوعە خیتابانە هەبێ..**

**اهلی کەرکوك اهلی مەعریفە و سەقافە و نەزاهەتن بەو بەعزە تەسریح و خیتابە بەراقانە باوەڕناکەن و ئیقناع نابن و لایان مەعلومە کە نە سەورەی ایلول و نە مەرحومی باوکتان سەغیر ترین زەحیەیان بۆ کەرکوك نەداوە و لە اوەلی سەورەوە هەتاکو ئێستا ئەفرادێکی عەشیرەتی بارزانی قەترەیەك خوێن لە نوکی پەنجەیان نەهاتووە لە مەنتیقەی کەرکوکدا، ایزەن لاف و فزولی چی لێ ئەدەن..؟؟!!!!**

**اهلی مەنیقەی کەرکوك لایان مەعلومە کە حزورتان لە عومری سەورەی جەبەل و لە ئینیفازە و دواتریش دا هیچ تەئسیر و دەورێکی بتوڵتان نەبوە بۆ کەرکوك.**

**لە موقابیلی حەملاتی تەعریبی مەناتیقی کەرکوکدا نەك موعاریز نەبوون ، وەلاکین پەتاتەن هیچ رەد فیعلێکتان نەبوو ، بەڵکو بەهۆی حەملەی(توکلت علی اللە) لە 31ی ئابی ساڵی 1996 دا ئەو حەملاتانە مواقیعی گەورە تری گرتەوە..کە جەنابی مەعالیتان موسەبیبی بوون.**

**لە دوای حەملەی توکل علی اللە تا زایعبوونی نیزامی مەرکەزی نەك لە نیزاڵی زدی والی موجریم و قاسی بەغدایا موشاریك نەبوون.. دەیان ئیتفاقات و تەبادولی مەعلوماتی و لیقائاتتان کردووە جەوە العەبا، زدی ئەحزاب و ئەحبابی کورد.. کە حەملاتی تەحریری عێراق ئینتیلاقی کرد و کەرکوك کەوتە یەدی کورد.**

**جەنابی مەعالیتان برقێیەکتان بۆ مەقامی عالی لە ئەنقەرە کرد کە بە قواتی بەڕی موشاریك بێت بۆ تەردی قواتی کوردی و اعلانتان کرد کە قوای جەلالی احتلالی مەدینەی کەرکوکیان کردووە.... کە لە مەرکەزی دەوڵتی موشتەریك دا لە بەغا مەجلیسی حوکم تەئسیس بوو، جەنابی موعالیان کە تا ئەعناقتان ئەحمەڕە بە خوێنی شەبابی کورد، موشاریکی هیچ کام لەو اجتماعاتانەی مەجلیس نەبوون کە فەقەت بۆ حەلی قەزیەی**

**کەکوك بوون... جەنابی مەعالیتان بۆ دکتۆر موحەمەد بەحرل علوم تان بەیان کردبوو کە فەلەبەر ئەوەی حەربی اهلی نەقەومیٚ سەوت مەدەن بۆ تەحویلی کردنەوەی کەرکوك بۆ سەر مەنتیقەی شیمال.. حالیەن کەلاتان مەعلوم بووە ئەسرارتان کەوتۆتە لای عالەم و رۆژ لە دوای رۆژ ئەغلاقتان مەکشوف دەبێت.... بۆ تەعویزی ئەو هەموو تەنازولا و انهیارانەان کەوتونەتە حەملاتی اعلامی و موزایەدە کردن بەسەر اهالی کەرکوکەوە..**

**اهلیکەرکوك کە ساحێبی فەزل و کەرامەتن کیٚ موساهەمەیان دەکات و لاشیان مەعلوم و مەکشوفە کیٚ مساوەمەی لەسەر دەکا.**

**جەنابی عالی مەقام، رەیس بارزانی.. حزورتان استعدادی یەك قڕانی ئەحمەرتان نییە بیدەن بە ئاوارەی کەرکوك وە استعدادی تەردکردنی یەك عارەبی دەهەزاریتان نییە..وە نەبابی رەحمەتیتان و نە جەنابتان بۆ سەعاتێك سەرتان بە کەرکوکدا نەکردووە.. ئەو کاتانەی کە بە دزی عمومی میللەتەوە دەچویتە لای زەعیمی والی لەی بەغا، دوای تەحریریش بە شاری موسڵدا عبور دەکەیت و بە ئاسمانی کەرکوکیشدا نەچووی ... ئەم لاف و گەزافی کوردایەتی لێدانە مەعنای چی..!!؟؟**